کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد؛ سەری لە نێوان سینگم وگەردنمدا بوو، وکاتێک ڕۆحی لە لاشەی دەرچوو هیچ بۆنێکم نەکردووە هێندەی ئەو بۆنە خۆش بێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد؛ سەری لە نێوان سینگم وگەردنمدا بوو، وکاتێک ڕۆحی لە لاشەی دەرچوو هیچ بۆنێکم نەکردووە هێندەی ئەو بۆنە خۆش بێت».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد، بە پاڵکەوتنەوە سەری لە نێوان سینگ وگەردنی عائیشەدا بوو، وکاتێک ڕۆحی لە لاشەی دەرچوو هیچ بۆنێک هێندەی ئەو بۆنە خۆش نەبووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10959

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee